پیاوانی سیاسـەتمەدار حەزدەکەن ئافرەت تێکەڵی سیاسـەت بێت، بـەڵام بـەو مەرجەی وەك پیاو بیربکاتـەوە، نەك وەك ژن، ژنانیش کـە تێکەڵـی سیاسـەت دەبـن، بۆ ئەوەی پیشـانی بـدەن هیچیان لـە پیـاو کەمتـر نییـە، لە پیـاو پیاوانەتـر بیردەکەنـەوە، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە ژنی سیاسەتمەدار تایبەتمەندییەکانی خۆی لە سیاسـەتمەداری پیـاو جیابکاتەوە، بەڵام مێژوو شـاهیدی دەدات زۆر خانـم هـەن لـە مێژووی دەوڵەتداری و سیاسـەتدا کە لە پیاو پیاوانەتـر حوکمڕانییـان کردووە، یان لانیکـەم بە عەقڵی پیاوانەوە سیاسەتیان کردووە. بۆ نموونە ( ئەندیرا گاندی سەرۆك وەزیرانی هیندسـتان، مارگرێت تاتچەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، گۆڵدا مایـر سـەرۆك وەزیرانـی ئیسـرائیل، بەنازیر بۆتۆ سـەرۆك وەزیرانی پاکسـتان، تانسـۆ چیللەر سەرۆك وەزیرانـی تورکیـا، هەروەهـا بـارك کـۆن هی سـەرۆکی ئێسـتای کۆریای باشوور و چەندانی دیکە....). لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە کام لـەو ئافرەتانـە کە لەو پۆسـتە بەرزانە بـوون وەرچەرخانێکیان لە بیرکردنەوەی ژن بۆ سیاسـەت دروسـت کردووە؟ یان کام لەوان تایبەتمەندییەکانـی ژن لـە عەقڵی ساسییاندا رەنگـی داوەتەوە. ئەوانیـش زۆر جـار وەك پیـاو بە توندی سیاسـەتیان کردووە. هەر بـۆ نموونـە مارگرێـت تاتچەر بڕیاری شـەڕی بـۆ داگیرکردنی فۆکلانـد داوە، گۆڵـدا مایـر بڕیاری شـەڕی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٣ی



# خانمی سیاسەتمەداری کورد ژمارەیان زۆر کەمە و ئەو رەخنەیەشیان رووبەڕوو دەبێتەوە کە بە عەقڵی پیاوانە سیاسەت دەکەن

داوە، ئێستاش بارك كۆن هی سەرۆكی كۆریا هیچ دوور نییە بڕیاری شەڕ لەگەڵ كۆریای باكوور بدات. پرسیار ئەوەیە: ئەگەر گۆڵدا مایر و مارگریت تاتچەر مەبەستیان بوایە و ژنانە بیریان بكردایەوە، ئایا نەیاندەتوانی ئەو كێشەیە بە دیالۆگ چارەسەر بكەن؟ بێگومان دەیانتوانی، لە بەر ئەوەی هەر دوو كێشەكە دواتر بە دیالۆگ چارەسەر كراون. باشترین نموونە ئەوەیە لە دوای ساڵی ١٩٧٣وە تا ئێستا هیچ سەرۆك وەزیرانێكی ئیسرائیل بڕیاری شەڕی دژی وڵاتێكی عەرەبی نەداوە، كەواتە ئەمانە ئەگەرچی گەیشتوونەتە بەرزترین پلەی دەوڵەتداری و سیاسەت، بەڵام بە عەقڵ ژنانە سیاسەتیان نەكردووە. لەبەرامبەر ئەمەدا ئایا سەرۆكێكی ئافرەت هەیە جێگەی دەستی لە بیركردنەوەی سیاسیی ژناندا دیاربێت؟ لە وەڵامدا دەكرێ ئاماژە بە خاتوو میشیل باشلیە بكەین كە لە ٢٠٠٦-٢٠١٠ سەرۆكی چیلی بووە و لە هەڵبژاردنەكانی دیسەمبەری ٢٠١٣ جارێكی دیكە



بە سەرۆك هەڵبژێردراوەتەوە. ئەگەر پرسیار بكەین بۆ ئەم خانمە سەرۆكە وەك ژن بیردەكاتەوە؟ هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم خانمە لە ناو ژان و ئازارەكانی ژنانەوە فێری سیاسەت بووە. خانم باشلیە، پەروەردەی ئەو ڕێكخراوەی ژنانە كە ئەركی پەروەردەكردنی خێزانیان كەوتبووە سەرشان، لەبەر ئەوەی پیاوەكانیان لە سەردەمی دیكتاتۆر بینۆشی زیندانی، یان بێسەروشوێن كرابوون. بۆیە ئەگەر سەیری ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی چیلی بكەین، دەبینین ڕێژەی ژنانی وەزیر هاوشانە لەگەڵ ڕێژەی پیاوانی وەزیر. ئەوەش وایكردووە ریزبەندی چیلی لە نێو ١٩ وڵاتەكەی ئەمریكای لاتینی زۆر بەرز بێت و لە سەر پلەی یەكەم ململانێی مەكسیك و ئەرژەنتین و بەڕازیل بكات، چاودیرانیش وا بۆی دەچن لە ماوەی سەرۆكایەتی دووەمی خانم باشلیە، چیلی زۆر پێش بەڕازیل و مەكسیك بكەوێت.

لێرەوە گرنگە خانمانی كوردستان لەسەر جیاوازی نێوان میشیل باشلیە سەرۆكی چیلی و باراك كۆن هی سەرۆكی ئێستای كۆریای باشوور، چاودێرییەكی ورد بكەن و بەردەوام ئاگاداری شێوازی دەوڵەتداریی هەردووكیان بن. ئەم دوو خانمە سەرۆكایەتی دوو دەوڵەت دەكەن، هەر دوو دەوڵەتەكە لە ناوچەكانی خۆیان شەڕ لەسەر پلەی یەكەم دەكەن، بۆ نموونە ئێستا كۆریای باشوور دەیەوێت پێش ژاپۆن بكەوێت، هەروەها چیلی دەیەوێت پێش مەكسیك و بەڕازیل بكەوێت. ئەمە گرنگە لەبەر ئەوەی سەرۆكی دوو دەوڵەتی پێشكەوتوو، یەكێكیان لەوپەڕی ڕۆژهەڵات، ئەوی


**تیۆری (بە مێكردنی ئاینده) وەک بەشێک لە بیرۆکەکانی فرانسیس فۆکۆیاما-ی بیرمەند، دەروازەیەکی دیکەی کردەوە بۆ ئەوەی لە لایەن هەردوو رەگەزەوە بایەخی زیاتر بە بەشداری ئافرەت لە دروستکردنی سیاسەتدا بدرێت. ئەگەرچی ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە ئەم بیرۆکەیە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، نموونەش بەوە دەهێننەوە کە ژنانی ئیسپانیا لە (١٩٣٦) بە دامەزرانی ڕێکخراوی ژنانی ئازاد لەو بوارەدا کاری بەرچاویان کردووە، بەڵام ئەوانیش دواتر پەراوێز خران. لەو کاتەوە تا هەنوکە ئەو بزاڤە بەردەوامە و لە ئێستاشدا لە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوودا هەوڵێکی زیاتر دەبینرێ بۆ بە مێینەکردنی سیاسەت و جەخت لەوە دەکرێتەوە کە سیاسەتی مێینە نەرمترە و دەستکەوتی زیاتری بۆ وڵات دەبێت، لە کوردستانیش ژمارەیەک لە نوخبەی کۆمەڵگە لەو بوارەدا کاری بەرچاویان کردووە و کۆمەڵگەکەیان بەو ئاراستەیەدا هان داوە، بەڵام خانمی سیاسەتمەداری کورد هێشتا ژمارەیان زۆر کەمە و ئەو رەخنەیەشیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە بە عەقڵی پیاوانە سیاسەت دەکەن و هەوڵیان نەداوە بە عەقڵی خۆیان سیاسەت دروست بکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتە بەرچاوڕوونی زیاترمان پێ دەدەن.**





**د. زبیدە سەید ساڵح:**

**بە خوێندنەوەیەکی ئۆبجێکتیڤانە و بە گەڕان بە دوای بنەماکانی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، ئەو راستییەمان بو دەردەکەوێت کە پرسی ژن لە کوردستان و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، پرسێکی ئاڵۆزە و بە بەردەوامی لە ناو قەیراندا دەژیت**



**سەرباز ساڵح :**

**ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەکان یەکلایی دەکاتەوە کە ژن توانای هەیە، یاخۆ نا کە لە کاری سیاسی و ئیدارەکردنی وڵات بەشدار بێت**

تریان لەو پەڕی رۆژئاوا، لە یەك کاتدا سەرۆکایەتی دەکەن. ئەم دوو نموونەیە زەمینەیەکی باش دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە نێوان سیاسەتمەداری ژن وەك ژن، لە گەڵ سیاسەتمەداری ژن وەك پیاو جیاوازی بکەین، کە هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەن چیلی سەردەمی باشلیە زۆر جیاوازی دەبێت لە چوار ساڵی رابردوو، بەڵام کۆریای باشووری سەردەمی خاتوو بارك کون هی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سەرۆکی پش خۆی نابێت.

هەر سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە خانزاد سەعدی، چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و لە دەستپێکی قسەکانیدا هۆکاری کەمیی ژمارەی ئافرەتی سیاسەتمەدار دەگەڕێنێتەوە بۆ «پێکهاتەی حزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان» و رایوایە «حزبەکان لە سەرەتاوە لەسەر دەستی پیاوان و بۆ بەرژەوەندی و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دامەزراون.» هاوکات دەڵێت: «بە درێژایی خەبات و بزاڤی سیاسی و شۆڕشەکانی کوردستان، ئافرەتی کورد لە کاری رێکخستن بوونی هەبووە و لە شاخیشدا پێشمەرگایەتی کردووە، بەو پێیەش دەبوایە ئەمڕۆ لە رووی دەسەڵات و هێز و قەبارەی سیاسی، پێگەی لە پیاو کەمتر نەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەو کات و ئێستاش ئافرەتی کورد هەر پاشکۆ بووە، لەبەر ئەوەی کوردستان بەشێکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەقڵییەتی پیاوسالاری تا ئێستاش لەنێو کۆمەڵگەیانەدا هەیە و رەنگە بەهێزتریش بووبێ. بۆیە ئافرەت لە سیاسەتدا وەك ئامرازێك و بە عەقڵییەت و بەرنامە و فەرمانی پیاو سیاسەت دەکات، کە دواجار لە بەرژەوەندی پیاودایە.» گوتیشی: «بێگومان ئافرەتمان هەیە کە توانای پلان و بەڕێوەبردن و رێکخستنی هەیە لەناو حزب و حکومەت و پەرلەمان و هەتا کەرتی تایبەتیش، بەڵام ئەگەر ئەو توانایە بۆ بەهێزکردن و پشتگیریکردنی پیاو نەبێت، ئەوا رێی پینادرێت وەك ئافرەتێك و بۆ بەرژەوەندی ژن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی کار بکات.

ئەو چالاکە مەدەنییەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سیاسەت ئەو زانست و مەعریفەیە قورسە نییە کە لە سەرووی مێشکی ئافرەتەوە بێت، بەڵام وایان لێکردووە وەك یارییەکی پر پێچ و پەنا زیاتر لەگەڵ هەڵکەوتە فسیۆلۆجییەکەی پیاو بگونجێ.» گوتیشی: «یەکێك لەو بەربەستانەی دێنە بەردەم ئافرەتی کورد کە ناهێڵن ببێتە سیاسەتمەدار، رێگری پیاوە، چونکە ئەستەمە پیاوی کورد قەبووڵ بکات ئافرەتێك رابەرایەتیی بکات، یان لە ژێر فەرمانی ئەودا بێت، هۆکاری دیکەشی ئەوەیە کە خودی ئافرەتە بڕوای بە کارامەیی ئافرەتێکی هاوڕەگەزی خۆی نییە و زۆر جاریش دژایەتی دەکات، ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی عەقڵییەتی ئەو ژنانەی کە تا رادەیەك پێگە و دەسەڵاتیان پێدراوە لەلایەن ئەو پیاوانەی کە لە سەرووتری خۆیانن و کار و فەرمانیان پێدەکەن. بۆیە زۆربەی ژنە سیاسەتمەدارەکان بە مێشك و بیری پیاوانە کاردەکەن.». رەخنەی لەوەش گرت کە «بەرپرسە حزبییەکان بەبێ پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ توانست و لێهاتوویی ئافرەتانی چالاك، ژنە نزیکەکانی خۆیان بەسەر ئەو پۆست و پێگە و دەسەڵاتانە دابەش دەکەن، ئەوەش زۆرێك لە ئافرەتان تووشی بێ ئومێدی و رەشبینی دەکات و لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و حزبایەتی دوور دەکەونەوە، لەوەش نامۆتر ئەو ژنانە (خانەوادە و نزیکی بەرپرسەکان) زۆربەی جار لە کاتی هەڵبژاردنەکان سەرهەڵدەدەن و دێنە مەیدان و بەرهەم و دەستکەوت و مافی ئافرەتە چالاکەکان دەخۆن». جەختی لەوەش کردەوە کە «لە کوردستان تا رێککەوتنی سیاسی و حزبی نهێنی بێت، ئافرەت هەر پەراوێز دەخرێت و تا بارەگای حزبەکان دیوەخانی پیاوان بێت، بە دەگمەن ئافرەت رووی تێدەکات.» گوتیشی: «ئەو کاتەی حزب بووە کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی رۆشنبیر و چالاك، سیاسەتیش وەك پرۆسەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ کرا، تاکەکانیش بە ژن و پیاوەوە لەسەر بنچینەی توانا



و لێهاتوویی هەڵبژێردران، ئەوکاتە ئافرەت و پیاوی کورد لە سیاسەتدا سەرکەوتوو دەبن».

د. زبیدە سەید ساڵح، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە سۆسیۆلۆژی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکدا تیۆری سیاسەتی کلاسیك کاڵ بووەتەوە و بەشداریکردنی ژنان لە بواری جیاواز و تەنانەت لە وەرگرتنی پوستی گرنگی سیاسیدا پەرەی سەندووە». هاوکات هێما بۆ ئەوە دەکات کە پرسی ژن لە جیهانی روژئاوا بە چەندین قوناغدا تێپەڕیوە، تا بەم ئاستە گەیشتووە. نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «لە ساڵەکانی هەفتاکاندا، زوربەی گەنگەشە و ململانێیەکان پەیوەست بوون بە چەوسانەوەوی ژن لە لایەن پیاو و دژایەتی ژنان لە هەمبەر سیستەمی پاتریاکی (پیاوسالاری)، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووش زیاتر باسی سیستەمی جێندەر و نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هاتەئاراوە. گوتیشی: «ئەوی گرنگ بوو لە رۆژئاوا، ئەوە بوو کە ژن توانی لە سەدەی رابردوو بە نووسین و بیرکردنەوە و رێکخستنی بزافی مافخوازانە، لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت و ببێت بە بەشێك لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکەی و بەوەش مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات.

د. زبیدە سەید ساڵح هاوکات ئەو پرسیارەی لە لا دروست دەبێت کە «لەم ساتەوەختەدا ئافرەتی کورد لە کام ئاست و پێگەدایە و تا چەند لە دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری پەراوێز خراوە؟ هەر خۆیشی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: «بە خوێندنەوەیەکی ئۆبجێکتیڤانە و بە گەڕان بە دوای بنەماکانی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، ئەو راستییەمان بو دەردەکەوێت کە پرسی ژن لە کوردستان و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، پرسێکی ئاڵۆزە و بە بەردەوامی لە ناو قەیراندا دەژیت.» گوتیشی: «هەرچەندە بارودۆخی سیاسیی کوردستان و ئامادەبوونی رێکخراوەکانی ئافرەتان بە درێژایی زیاتر لە ٦٠ ساڵ، فاکتەری بەهێزبوونی بە کۆمەڵایەتی بوونی ژنی کورد بووە لەم پارچەیەی کوردستان. بەڵام تا ئێستاش بەشداری و پێگەی ژن لە سیاسەت و بڕیاردان زۆر لاوازە. بەشدار نەبوونی ژنیش لە بواری سیاسەت و بڕیارداندا، ئەوە دەگەیەنێ، کە هێشتا ئافرەت وەك رەگەزێکی خولقێنەر تەماشا ناکرێت و بگرە وەك بریکاری بیر و بۆچوون و جیهانبینی پیاو و جیهانی پاتریاکی کەوتوتە ناو سیاسەت .»

نووسەر شێرزاد هەینی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «نازانم بیرکردنەوەی ژنانە و پیاوانە چییە. لەو وڵاتە و لەو سیستەمەی لەو چەند ساڵە پەیدابوون، هەموو کایە و شتەکانیان تێکەڵ کردووە، پێناسەکان پێچەوانە بوونەتەوە. کە دەڵێن سیاسییەکان، واتە پیاوەکان، چونکە لەو دەڤەرە زۆربەی، یان هەموو ئامراز و نیشانە و چالاکی و قوربانییەکانیش پیاو بوون. بەداخەوە ئاکارە جوانەکەی سیاسەت کە خەبات و تێکۆشان بوو، گۆڕا، بەرنامە پیرۆزەکەی سیاسەت خزمەتکردنکردن بوو، نەما، بوو بە دەستکەوتی تایبەتی و قازانجی زۆرتر. بەر لەوەی سیاسییە پیاوەکان، چ جۆرە سیاسەت و بەرنامەیەك بۆ ژنە سیاسییەکان بخوازن، خۆیان نازانن چۆن سیاسەت بکەن، واتە پیاوەکان چ دەخوازن و چییان پێ دەکرێت، داش و بەردی کام گەمە و سیاسەتن؟»

هەینی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «لە بریتانیا تیریزا مای بە بەرنامە و تێڕوانینەکانی ژنێکەوە، بە ئاسانی دەبێتە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، بەڵام کام بریتانیا لەناو گێژاوێکی گەورەی دەرچوون لە ناو یەکێتی ئەورووپی، شکانی دراوی وڵاتەکە و هەڕەشەی زۆری ناوچەکە و جیهان لەسەر ئەو بڕیارەی دەرئەنجامی دەنگدان هاتەدەرچوون. واتە ژن بوونەوەرێکی گونجاو و شیاو و هەڵکەوتە بۆ هەموو پۆست و چالاکییەکان، لە مێژووش ناو و کارنامەی زۆری هەبووە و ئێستاش هەیە. واتە ژنی سیاسی نەرم و رەق نییە، هەروەها پیاوی رەق و نەرمیش نییە، سیاسەت بازنە و کەرەستە و پرۆسەیەکی تایبەتە، ئەوەی لەو بوارە کاریکرد، وەك یەکە، سەیرکە ژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیش هەندێکیان رەقن، پیاویش هەیە لەو بوارە نەرم و مەرحەمە. واتە سیاسەت رەق و نەرمی نییە، بەڵام سیاسەت وەك هونەری سیاسەت، نەك ئەو سیاسەت و پلە و پۆستەی ئیمرۆ لە ناوچەکە بەتایبەتی لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت .»

شێرزاد هەینی رایوایە «کەم دەرکەوتنی ژنان و سستیی دەنگەکان پابەندە بە کاروانی کۆمەڵگەوە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە لە کوردستان هەست ناکەم ئاسۆیەکی گەش لە هاتنەپێشەوەی ژنان لەو بوارەدا هەبێت، ئەگەر هاتن و دەرکەوتن، ژنیش توند و بڕیاردەرە و پیاو ناتوانێت خاو و سستی بکاتەوە.»

لە لای خۆیەوە نووسەر مەحموود عومەر باوزی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بە مێیینەکردنی سیاسەت لە دنیادا مێژوویەکی کۆنی هەیە، زۆرترین و چڕترینی دەتوانم بڵێم ژنانی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٣٦ بە دامەزراندنی رێکخراوێك بە ناوی (موخرس لیبرس) واتا (ژنانی ئازاد). کە لەماوەی دووساڵدا توانی زیاتر



**خانزاد سەعدی:**

**بەرپرسە حزبییەکان بەبێ پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ توانست و لێهاتوویی ئافرەتانی چالاک، ژنە نزیکەکانی خۆیان بەسەر ئەو پۆست و پێگە و دەسەڵاتانە دابەش دەکەن، ئەوەش زۆرێک لە ئافرەتان تووشی بێ ئومێدی و رەشبینی دەکات و لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و حزبایەتی دوور دەکەونەوە**




**حەسیب ئەدیب:**

**تا ئێستاش ئاسەواری پیاوسالاری وایکردووە ئافرەت تەنیا وەک کارکەری ناوماڵ و چێشت لێنەر و پەروەردەکاری منداڵ سەیر بکرێ**



**ستار چاوشین:**

**بە داخەوە ئەم خەسڵەتی نەرم نیانییە لای ئافرەتانی دەسەڵاتداری ئێمە پێچەوانە کراوەتەوە، لای خۆمان ئەگەر ئافرەت چووە ناو دەسەلات و ئیدارەوە، دەبێت توند بێت و خوی بسەلمێنێ، واتە هەڵگری سلوکی پیاوانی سیاسەت بێت**



**شێرزاد هەینی :**

**ژن بوونەوەرێکی گونجاو و شیاو و هەڵکەوتە بۆ هەموو پۆست و چالاکییەکان، لە مێژووش ناو و کارنامەی زۆری هەبووە و ئێستاش هەیە**



**مەحمود عومەر باوزی:**

**سیاسەت نەک لە کوردستان، بگرە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بە مێیینە ناکرێ، مادام پیاوان دەیانەوێ بە مێیینەی بکەن**

لە سی هەزار ئافرەت کۆ بکاتەوە، بەڵام کاتێ شۆڕش سەرکەوت سەرجەمی ڕێکخراوەکە و ژنەکان خرانە پەراوێزەوە و تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی مێزە جۆراوجۆرەکانی پیاوان چەند ژنێك هێڵدرانەوە.» گوتیشی: «سیاسەت نەك لە کوردستان، بگرە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بە مێیینە ناکرێ، مادام پیاوان دەیانەوێ بە مێیینەی بکەن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کە خۆمان بە داکۆکیکاری مافی ژنان دەزانین و پەرچەمی فیمینیزم-مان بەرزکردۆتەوە، هەرگیز سیاسەت بەمێ ناکرێ، چونکە جگە لە عەقڵی چەقبەستووی پیاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە داخەوە تا ئێستاش پێیوایە ئافرەت (پرچی درێژ و عەقڵی کورتە، یان ئافرەت عەقڵی لە کۆشیدایە، هەستێتە پێ لێی هەڵدەڕژێ.. ئافرەت لە کەلەکەی چەپ خولڵقاوە و...هتد)».

نووسەر و ڕۆژنامەوان ستار چاوشین، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێشەکی با ئەوە ڕاست بکەینەوە کە خودی ئافرەت تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژئاواش نەیتوانیوە، بگاتە ئاستی بەشداریی پیاو لە سیاسەتکردن (ئیدارەدان و دەسەڵاتداریتی)، واتە ئەگەر پەنجا وڵاتی ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە دەرکەین، هێشتا سیاسەتی مێینە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش هاوسەنگ نییە و چارەك لە سەت کەمترە. پاشان دەتوانرێ سیستمی سیاسی بە مێینە بکرێ، لە جیاتی ئەوەی هەڵسووڕاوانی سیستمەکە بە مێینە بکرێ، ئەوەش زەحمەتە، چونکە ئەگەر بوعدە مێژوویەکەی وەربگرین، سیاسەت پرۆسەی ململانێ و دەسەڵات لە ناو سیاسەت دەرئەنجامی ئەو ململانێیە کە پیاوان ڕێبەرایەتیان کردووە و ئافرەتان بەشداری نسبی کۆمەڵایەتی کەمیان هەبووە، واتە سیاسەت لە مێژوودا پیاوانە بووە، ئەوە یەك سیستمە ڕێگە بە بەشداری ئافرەت دەدا، کە سیاسەت بکات، ئەویش سیستمی دیموکراسییە. ئەگەر باس لە نەرم و نیانی ئافرەتە لە دەسەڵاتداریتی، ئەم دیدە ڕاستە، چونکە یەك لە سەرەکیترین خەسڵەتەکانی مەرجی ئافرەتبوون لە بایۆلۆژیەتی ئافرەت ناسکی و نەرم و نیان بوونەتی. تەنانەت ڕایەك هەیە دەڵێت ئەگەر پیاوی ناسك و نەرم و نیانیش هەبوو، بڕێکی ئەو مرۆڤە ژنانەیە. ئەم سلوکە نەرم و ناسکەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەردوو ڕەگەز لە کایەی سیاسی، بە داخەوە ئەم خەسڵەتی نەرم نیانییە لای ئافرەتانی دەسەڵاتداری ئێمە پێچەوانە کراوەتەوە، لای خۆمان ئەگەر ئافرەت چووە ناو دەسەلات و ئیدارەوە، دەبێت توند بێت و خوی بسەلمێنێ، واتە هەڵگری سلوکی پیاوانی سیاسەت بێت، کە هەڵەیە، لە بنەمادا هەر ئەم سایکولۆژیەتەی سەرەوە بوو ئافرەت لە ئیدارە و دەسەلاتدا نەرم و نیان دەکاتەوە، سیاسەت لە شوێنێکی ئەم نەرم و نیانییەی ئافرەت نەرم و نیان دەردەکەوێ، بەڵام ئەم نەرمییە لە سایەی هەموو سیستمیکی سیاسی نابێت و هەڵناکات، تەنیا دیموکراسی نەبێت، لە کۆتاییدا دەبێت دوو بابەت لە لەیەك جیا بکەینەوە، کاری ئیداری و وەزیفی، کاری سیاسی و حزبی و ئایدیۆلۆژی، بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی ئیدارە و کارگێڕی ئاسانترە، چونکە سیستمەکەی بۆ دیاری کراوە، وەلێ لە سیاسەتکردن و بە مێینەکردنی سیاسەت زەحمەتترە، وەك وتم چونکە ململانێ و ڕکابەری و توندوتیژی هەیە.»

نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسیب ئەدیب زاخۆیی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەتان تا سەدەی نوزدەهەمی زایینی لە مافی دەنگدان بێبەش بون، چونکە ئەوکات وا بیری لێ دەکراوە کە گوایە هاتنی ئافرەت، یان هێڵی مێینە بو ناو کاروباری سیاست، دەبێت هۆی لاوازیی پێوەندییەکانی خێزانی و هەڕەشە لە شیرازەی خانەوادە دەکات و ناشتوانن لە بواری سیاسی وەکو پێویست ڕۆڵیان هەبێت. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا داوای مافی یەکسانی هەردوو ڕەگەز بە بێ جیاوازی لە ناو کۆمەڵگەدا کرا، دواتر بەشداری ئافرەت لە کاروباری سیاسی هاتەگفتوگۆکردن، تا کو لە بەریتانیا بە شێوەیەکی فەرمی دەستەی چالاکی سیاسیی ئافرەتان بۆ بەرگری و وەرگرتنی مافیان لە کاروباری سیاسی لە ساڵی ١٨٦٥ دامەزرا. لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆنگرەی ئافرەتان لە ساڵی ١٨٥٠ بۆ بەرگری لە مافی مێینە بەسترا، ئافرەت و مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی چارەنووس و هاوکارییان لە کاروباری سیاسی بایەخی پێدرا و ساڵی ١٨٦٩ جان ستیوارت میل، فەیلەسوفی بەناوبانگی بەریتانی، پەرتووکی (وروژاندنی ئافرەتان)ی نووسی کە بووە مایەی دڵخوشی زۆرینەی جەماوەر و یەکەم کەسیش بوو کە لایحەی بو مافی دەنگدانی ئافرەت پێشکەشی پەرلەمانی بەریتانیا کرد. هەر لە هەمان ساڵ ئەنجومەنەکانی سیاسیی ئافرەتان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی دامەزران و چالاکی خۆیان دەست پێکرد. لە ١٩١٨ تا ١٩٢٨ئافرەتان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی مافی دەنگدان و بەشداری لە کاروباری سیاسییان هاوشێوی پیاوان بە دەست هێنا، بەڵام بەداخەوە ئەو بزافە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، یان وجوودی نەبوو، یان ئەگەریش هەبوو زۆر لاوز بوون. لە کۆمەڵگەی ئێمەش هەر بەم شێوەیە بووە، بۆیە تا ئێستاش ئاسەواری پیاوسالاری وایکردووە ئافرەت تەنیا وەك کارکەری ناوماڵ و چێشت لێنەر و پەروەردەکاری منداڵ سەیر بکرێ. هەر ئەوەشە وایکردووە ئافرەت کەمتر خۆی لە قەرەی کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی ئیداری بدات. ئەلەمپ دووگۆژ نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٧٩ لە نووسینێکی بە ناوی مافی ژن و کۆمەڵگە دەڵێت: چون ئافرەت بۆی هەیە بچێتە بەردەم پەتی سێدارە، بە هەمان شێوەش دەبێ مافی هەبێت تا پشت سەکۆی وتاردان بڕوات.»

ڕۆژنامەنووس سەرباز ساڵح، پێیوایە «لە دنیادا دەسەڵاتێکی ئەوەندە زاڵ نییە، بڕیار بدات بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە دەست ژن بێت، یان پیاو، ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەکان یەکلایی دەکاتەوە کە ژن توانای هەیە، یاخۆ نا کە لە کاری سیاسی و ئیدارەکردنی وڵات بەشدار بێت.» نموونەش بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دەهێنیتەوە و دەڵێت: «مێرکڵ ژنێکی نموونەییە و وڵاتەکەی گەیاندووەتە ئاستی باڵا. هەروەها وەزیری بەرگری هەیە کە ژنن و ڕۆڵی گرنگ دەبینن. لە بەرامبەردا دەبینین زۆر پیاو هەیە پۆستەکانیان خراپ بەڕێوەدەبەن و شایان نین، بەڵام سیستەمێکی کارگێڕی سەپاندوونی». گوتیشی: «سیاسەتی ژن نەرمە، یان پیاو، ئەمە بۆ پێوەر دروست نییە لە سیاسەت و بەڕێوەبرندا، چونکە سروشتی ئەو بوارانە وایە کاتی وا هەیە دەبێت بڕیار بدەیت و توندبیت، ئیتر لەوێدا ژن، یان پیاو کەسێك هەیە کە بڕیاری توند دەدات».

# لاوازیی بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسیدا



د. نازناز محەمەد عەبدولقادر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ژنان بۆ بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسیی وڵات رووبەڕووی دەیان بەربەست دەبنەوە. کەلێنی «توانایی و لێهاتوویی و کارامەیی»ی نێوان ژنان و پیاوان واقیعێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەو کەلێنە لایەکی کێشەکەیە و لایەکەی دیکەی «هەبوونی ژنانی لێهاتوو و شایستەیە، بەڵام ئیهمالکردن و پەراوێزخستنیانە .هەر ئەم پەراوێزخستنەی ژنانی لێهاتوو، خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ ساردبوونەوەی ئەو ژنانەی کە هەوڵ دەدەن خۆیان پێ بگەیەنن و بگەنە ئاستی پیاوانی لێهاتوو .
بەداخەوە بەربەستی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری لە بەردەم پێشکەوتنی ژنان بوونیان هەیە. لە سەردەمی شەڕدا، زاڵبوونی پیاوان بە سەر کایەی سیاسیدا زیاتر و فراوانتر دەبێت، چونکە ئەوانن کە ئیدارەی جەنگ دەکەن، بۆیە حزووری «مێینە» لە کایەی سیاسیدا کاڵ دەبێتەوە، بەڵام لە سەردەمی شەڕ و دوای شەڕیش، ژنان دەتوانن باشترین رۆڵ ببینن لە پرۆسیستی «دانوستان»ی نێوان دوو لایەنی ناکۆك، یان دوولایەنی تێوەگلاو لە جەنگ. بۆ ئێستای کوردستان کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گرژی لە نێوانیاندا هەیە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ دوژمنێکی دڕندەی وەك داعشیش لە شەڕداین، هەق وایە زۆرترین و کاریگەرترین رۆڵی «ئاشتکردنەوە»ی لایەنەکان لە سەردەستی ژنان بێتەدی، لە هەمان کاتدا رۆڵیان هەبێت لە پاراستنی ژینگەی ئاشتی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی نەوەکان لە سەر بنەمایی لێبووردەیی خۆشەویستی خاك و خەڵك. بەڵام گرنگە بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسی، شێوەیەکی کارا و ئەکتیڤ وەربگرێت، نەك رووکەش. لە هەموو جیهان رێژەی ژنان لەناو پرۆسەی سیاسیدا زۆر نزمە و نزیکەی ١٥٪ی کاراکتەرە سیاسییەکان پێکدەهێنن. زۆربەی ئەو ژنانەش کە دەکەونە لوتکەی دەسەڵات و شوێنی بەرزی بڕیارسازی، راستەوخۆ بەهرەمەندن لە پاڵپشتی لە پیاوانی نێو خێزانەکەیان، بەتایبەت هاوسەریان . کەواتە ئافرەت دەبێ بزانێ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، رێگای رۆیشتن بۆ گەیشتن بە شوێنی بریارساز زۆر زبر و پڕ تاسە و قۆڵت و پڕ مەترسی و هەڕەشەیە، بەڵام دەبێت بڕوات .
ئافرەت دەبێ بزانێ کاتێ بوونەوەری «نێر» لە ناو سیستمی «پیاوسالاری» سەدان ساڵە راهاتووە بەوەی خۆی تاقە شۆڕەسواری مەیدانی جەنگ و سیاسەت و ئابووری بێت، ئەوا بە ئاسانی دەرفەت بە ژنان نادات کە بێت و لە تەکیدا جموجۆڵی هەبێت .ئافرەت دەبێ لە بیری بێت لە سیستمی «پیاوسالاریدا» نێر هەموو مافەکانی لێ زەوت کردووە، بۆیە ژیانێکی سەربەست و پڕ بزاوتنی هەمەچەشنی نییە و مافەکانی بۆ ناگەڕێتەوە، ئەگەرچی لە ئاستێکی باشی خوێندەواری و هۆشیاریش بێت، چونکە وەك قاعیدەی باو، «ماف دەسەندرێ»، کەس نابێت لە دەسەڵاتی خۆی کەم بکاتەوە و بیدات بە بوونەوەرێك کە هەزاران ساڵە بە پێی ئایین و دابونەریت بە «ناقص العقل» ناسراوە!

تەنیا دوو هۆکار لەم سەد ساڵەی دوایی توانیویانە یارمەتیدەری ژنان بن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری کارایان لە جموجۆڵی سیاسیدا هەبێت:
یەکەم: سیستمی نوێی جیهانی و زاڵبوونی دیموکراسی و دەوڵەتی دامەزراوەیی و کارایی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە هاندەرن بۆ ئامادەبوونی ژنان لە کایەی سیاسی و بڕیارسازیدا، چونکە مەحاڵە سیستمێکی دیموکراتی کارا بە بێ بەشداری ژن بێتەکایەوە .دەوڵەتی دامەزراوەیی پێش هەمووشت کار لە سەر بنەمایی « لێهاتوویی» کەسەکان دەکات، بۆیە ئەمەش دەرفەتێکە بۆ بەشداری ژن. جوانترین نموونەی بەشداریی ژن لە پێگەی دیموکراسی و دەوڵەتی دامەزراوەیی و پەرلەمانی شەفاف، وڵاتانی ئەسکەندەنافییە لە باکووری ئەوروپا.
دووەم: ئەو هۆکارەی کە پاڵپشتی لە بەشداری ژن دەکات، یاخود باشترە بڵێین زەمینەسازی یارمەتیدەری ژنە لە چالاکیی سیاسیدا، پێشکەوتن و زانست و تەکنەلۆژییە .کاتێ لە رێگەی زانستەوە دەسەلمێندرێ کە مێشکی ئافرەت جیاواز نییە لە رووی عەقڵەوە لەگەڵ پیاو، ئەمە رەتکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی پێشوی ئایینی و دابونەریتییە .داهێنانی دەیان ئامێری کارکردن لە ناوماڵ یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ هەبوونی کاتی ئازاد بۆ ژنان تاوەکو بتوانن بیربکەنەوە، بخوێننەوە و بە شداری لە کایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بکەن .
سەردەمی سیستەمی نوێی جیهانی (globalization)واتا (جیهانگیری) و رێگاکانی نوێی پێوەندیکردن و تەکنەلۆژیای تازە، دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ ئافرەت خولقاندووە کە ساناتر بتوانێت شان بە شانی پیاو بەرەو پێشەوە بچن .هەروەها ژنان دەتواتن لە جیهانی ئیفترازی سۆشیال میدیا رۆڵی خۆیان ببینن و خاوەن دەنگ و پەیڤی خۆیان بن و بەهرەکانیان بخەنەڕوو. تەنانەت ژنان دەتوانن بە بێ پاڵپشتی پیاو، خێزان، یان بە بێ پاڵپشتی حزبی و سیاسی لەم جیهانەدا، بگەنە شوێنی زۆر کاریگەر و گرنگ .جیهانی ئیفترازییش وایە هەموو کەس ئازادانە دەتوانێ ببێتە ئەندام تێیدا و جموجۆڵ بکات .
هەزاران ژن بە رێگەی ئونلاین کاری بازرگانی دەکەن، دەخوێنن و بڕوانامەی بەرز بە دەست دەهێنن، تێکەڵی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەك کۆمەڵگەی خۆیان، بگرە تێکەڵی جیهانیش دەبن .ژنانی کوردستانیش لەم جیهانە دەتوانن قەرەبووی ئەو رێگرییانە بکەنەوە کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بە سەریاندا سەپاندوویەتی. دەتوانن باس لە ویست و داخوازیەکانیان بکەن. رای سیاسی خۆیان بخەنەڕوو، جۆرەها نێت و رایەڵە دروست بکەن بۆ شکاندنی بەربەستەکان لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی.